# دەرکردنی سەر لە نوێی حوکمی ئێعدام بۆ هیوا بوتیمار

دادگای رژیم لە شاری مەریوان جارێکی دیکە حوکمی ئێعدامی بۆ هیوا بوتیمار دووپات کردەوە.

سالحی نیکبەخت پارێزەری ناوبراو گوتی: بەداخەوە قازی لقی یەکی دادگای مەریوان لە تاوانەکان تەنیا (موحارەبە) دەناسێت و لەو پەروەندەیەش دا سەرەڕای بۆچوونی ناوەندە نیزامیەکان، سەرلە نویێ حوکمی ئێعدامی بۆ هیوا بەتیمار دەرکردۆتەوە.

پێویست بە گوتنە حوکمی لە سێدارەدانی هیوا بوتیمار بە هۆی نەبوونی بەڵگەی تەواو لەلایەن دیوانی باڵای تاوانەکانی رژیمەوە هەڵوەشابۆوە.

هەروەها عەدنانی حەسەن پوور کە لەگەڵ هیوا بوتیمار گیرا بوو، بە ئێعدام مەحکوم کراوە، بەڵام پارێزەری ناوبراو بەرانبەر بەو حوکمە نارەزایەتی دەربڕیوە.